کامل سـەفـەریان

# روانین بۆ بەرهەمێکی مینیماڵیستی کوردی خوێندنەوەی کتێبی "هورپرای گەچ و تەختەی"

لە فارسییەوە: شنۆ رەحیمی




مـینی مـاڵیـسم دیاردەیەکی نوێ نیـیـە لە دنیـای ئەدەبدا. لە ژیانی رۆژانەدا و لە رۆژگـارانی دێرینەوە تا ئێستا هەموو کاتێ لەگەڵیدا بووین و ژیاوین. لە ئەدەبی حەکیمانەی پێش ئیـسـلامـدا، جێ پێی ئەم دیاردەیە دیارە. ئەم سـەردەمـەش زۆرینەی مـەتەڵەکانی نێو خـەڵکی، چیرۆکی کـۆن و مـەتەڵ لە حـوکـمی رەوایەت "گێڕانەوە" و داستانی ئەمڕۆییدان. دەستەواژە ئیجابییەکانی نێو خەڵکی شاخی دیاری ئەم ئەدەبیاتەن. مینی ماڵیست و ئەدەبی مینی ماڵیستی، مەکتەب و شێوازێکی جیا نییە لە ئەدەبیاتدا. مـینی مـاڵیـسم جۆرێک




تەشک و روانینە کە شاعیر، نووسەر، سادە دەنووسێ، سادە نەقاشی دەکا. بە کورتی مەبەستەکانی خۆی دەردەبڕێ. ئەم سادەییە دەبێتە هۆی دژواریی راڤەیی لە شیعر و نووسراوە مینی ماڵیستییەکاندا. لە ئەدەبی مینی ماڵیستیدا درێژدادڕی "اطناب گویی" جێی نابێتەوە و بەم هۆیەوە لە رووی ناچارییەوە هەموو کاتێ شاعیر پەنا دەباتە بەر جوانکاریی ئەدەبی و لە خوازە، ئیزافەی تەشبیهی و باقیی جوانکارییە خەیاڵییەکان کە یارمەتیی دەربڕینی چڕی مەبەست دەدەن و کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

مینی ماڵیستەکان لەو بڕوایەدان کە هەمەکییەت "کلیت"ی دیاردەکان بناسێن نە وردەکارییەکان.

ئەوان ئەم شێوازەیان لە غەیبزانەکانی مەعبەدی دڵفاوە وەرگرتووە و شیعاری بنەڕەتییان: کورتبڕی و بێدەنگییە. بارتلمی لە رۆمانی (سپیی بەفرین)دا دەڵێ: «تەنیا وێنە و چوارچێوەیەک کە دەتوانم بڕوای پێ بکەم پارچەیەکی چکۆلەیە». بە بڕوای نووسەر لە بەدواداچوونی شیعری ئەمڕۆی کوردی، زۆرتر لە هەمووان بەڕێز «ڕەووف مەحموود پوور» لە کون و قوژبنی مینی ماڵیستیدا شۆڕ بووەتەوە و کتێبی «هورپرای گەچ و تەختەی» ئەو، ئەم شاعیرە زۆرتر دەخاتە پێش چاو بۆ راڤەکاری ئەم شێوە ئەدەبیاتە.

ئەگەر بمانەوێ وێنەی ئەم شیعرانە بکێشین، بە دڵنیاییەوە دەگەینە ئەم رواڵەتە: بەراعەتی ئیستێهلال «لە عیلمی بەدیعدا لە سەرەتای کتێب و قەسیدەدا و شەوعیبارەتێک دێن کە وانەر بە سەرەتای خوێندنەوە تێ دەگا نووسەر باسی چی دەکا و لە چ بابەتێک دەدوێ» کە بە گشتی بەشێک لە کولتووری ئەتنیکی و پەرداختی سروشتی ناوچەکەیە. جاری واش هەیە وتەی ئاشقانە و ئەڤیندارانە کە بە گشتی گرێ دراوە بە دنیای ژنانی کوردەوە، دەبێتە بنەڕەت و ئەساسی شیعرەکان.

شاعیر لەگەڵ سونەتی شیعری ئاشقانە (تەغەزولی)دا گەورە بووە و لەوانەیە لەڕێی ئەم کەسێنی ئەڤینی ئەتنیکییەوە بێت کە شیعرەکان بە شێوەیەکی چڕ لەگەڵ مێژووی ئەتنیکیدا لێک دەئاڵێن.

دوای ئەم بەشە، دەقی رەوایەت لە نێوان رابردوو و ئێستادا دەگەڕێ و وەکو رووبارێکی تووڕە، مەرگ ئاسا بۆ زۆرینەی نامورادییەکان دەگریێ. دڵگیری و حەسرەتێکی زۆر لەم

شیعرانەدا دەکەوێتە بەرچاو.

مونولوگەکە لەگەڵ روونکردنەوەی خۆشیی کەسێک کە لە قووڵاییەوە دڵی داوە بە گوند، دەست پێ دەکا و کۆتایی دێ. ئەو هەوێنە بیانی و ئەیرەییەکان بە کار دێنێ تا شوێنگە دەروونییەکانی رابردوو بۆ پێشاندانی کاتە هەنووکەییەکانی ئێستا بەئێمە بنوێنێ. زۆرینەی ئەم شیعرە لیریکیانە لە ئەزموونە هرووژاوەکانی رابردوو و ئێستای شاعیرەوە هەڵدەقوڵێن. رۆچوونێکی خەمینە بۆ ئەو رێگەیانەی کە خۆی و وڵات و نەتەوەکەی پێیدا تێ پەڕیون. بەو جیاوازییەوە کە ئەزموونێک دووبارە نابێتەوە و تەنیا هەست بە ئەندێشەیەک دەکرێ و بەجۆرێک هەوڵی هاوڕێیی وانەر لە سەفەر بۆ دنیای کولتوور، هونەر و زۆرتر لە هەموان فۆلکلۆری ئەتنیکییە. وتەی سەرنجڕاکێش، لەگەڵ گریانی دڵ و گۆرانیی کۆنی هەورامیدا بە زۆری دێنە پێش چاو.




«کیژێکی پرچ رەش» کە لەم شیعرانەدا بە نۆرە لە جلوبەرگی رواڵەتی و خوازەیی "شاراوە"دا وێنەی کێشراوە، لە هەموو شوێنێکی شیعرەکاندا خۆی دەنوێنێ. نیگاری چاوی رەشی ئەو کیژە "زیاتر لە ١٦جار" کێشراوەتەوە. ساتێک شاعیر دڵی بۆ دەسووتێنێ و ساتێکی تر بێژەر پرسیاری لێ دەکا بەڵام وەڵامێک نابیستێتەوە و ساتی وا هەیە شانازیی پێوە دەکا و دەبێتە نیشانەی کولتوور و بوونی ئەو کیژانەی کە لە کوێرەڕێی ناکۆکی و سەختیدا قایمتر لە کێوەکانی هەورامان راوەستاون. حەماسە و توندبوونێک کە بە باوەڕی نووسەر لەم شیعرانەدا هەیە بە نەبوونی ئەم کیژە ناتەواوە. وشەکانی ئەم حەماسە لیریکییە زۆرینەیان کورتن، دووڵەتی و کاری ناگوزەر "افعال ناگذر" «شەماڵ دژیان» «هەیشوورهاژیان» «وەهاردژیان» لەم روانگەیەوەش دەقێکی مینی مالیستییە. بەگشتی مەحموود پوور کۆمەڵێک وشە و پێکهاتی لە بەردەستدایە کە دەتوانێ لە جێگەی ئەم ئەشقە دایان بنێ. واژەگەلی وەک "شوور، ئەشق، شوعلە" یان پێکهاتێک کە لە هاونشینی ئەم وشانەدا دەیخۆڵقێنێ. شیعری ئەو تایبەتمەندیی ئەفلاتوونی و دنیایی هەیە و بە هیچ جۆرێ بە دنیای سەرەوە نالکێ. ئەگەر باسی دنیای سەرەوە دەکا خەییام ئاسا و لە چوارچێوەیی گەڕان و پشکنیندا داگیری کردووە. لە کۆتاییی ئەم شیعرانەدا جاری وا هەیە شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ بەیتە سەرەتاییەکانی خۆی و دووپاتیان دەکاتەوە. جاری واش پەتەکە بەدەستی زەریاوە دەدا وەکو سەرڕێژی رۆخانە.




دیاریکردنی یەک بەشی تایبەتی لەم کۆمەڵە شیعرە کە زۆرتر لە هەمووان لقوپۆی شیعری ئەوی پێوە دیار بێ دژوارە. بەو بۆنەیەوە کە دانانی یەک ڕوانگەی تاک لە پشت هەمەکییەکانەوە "کلیت ها" دەبێتە هۆی شاراوەبوونی کاری ئەو.

بێ پەردەترین و جوانترین شیعرەکانی ئەم کۆمەڵە: شیعری لاپەرەکانی٣٣، ٣٥، ٤٥، ە. شاعیر بە پێی گوتن و نووسینی مینی ماڵیستەکان تاقەتی درێژدادڕی و زۆربڵێیی نییە. کەم قسە و شەرمن و کەم ڕوو. کورت دەنووسێ بەڵام لە ڕووی سۆز و بە زەربەتەوە... ڕامان لە واژەگەلی ئەم کۆمەڵەشیعرە ڕەنگە زۆرتر لە هەموو تایبەتییەکی تر یارمەتیمان بدا بۆ شرۆڤەکردنی سەرەتایی ئەم ئیشە.

لە نێوان ٢٤٥٦ وشە کە لەم دەقە بە کار دێن، ژمارەی٣٤٠ وشە بە سەرتەڵی دووپات بوونەوەیی ٢ تا٦٠ جار هەیە بە گشتی دەتوانین بڵێین کە شاعیر نزیکەی١٤٠٠وشەی خستووەتە گەڕ. دەس قووچاوی بۆ کەڵک وەرگرتن لە وشە «بە ڕێژەیەکی مامناوەندی بۆ هەر لاپەڕەیەک ١٣ وشە بەبێ دووپاتبوونەوە و بە شێوازی نوێ» سەرەتای هەوێنی کاری ئەوە.

لەم نێوانەدا بەکارهێنانی وشەی یەک برگەیی "تک هجایی" تا ڕادەیەک زۆرتر لە ناو و کارە. واژەسازی بە یاریدەی مۆرفیمە داڕێژراوەکان "تک واژ اشتقاقی" لە و خاڵانەیە کە بە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکان بە زوو ئاشکرا دەبێ. جگە لە چەند لاوە نەبێ کە بەرگری نیگەتیڤمان هەیە بەرگربوونێکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو هەبوونی پاشگرەکان بەگەڕترە. جاری وا هەیە شاعیر لە جەمکردنەوەی میسرەعەکان بە ئەنقەست لە بەکارهێنانی "حەرفی ئیزافە، سفات، بەتایبەت فیعل" خۆی دوور دەگرێ و لە ڕێی "قەرینەی لەفزی" و بەتایبەت "قەرینەی حوزووری"یەوە لە پێکهاتەی شیعرەکان وەلایان دەخا. گرینگیدان بە زمانی سادە و خۆماڵی و ئیسلاحە جڤاتییەکان لایەنی تری شیعرەکانی ئەم دەفتەرەن ئەم تایبەتییە ئەوەیە کە مینی ماڵیستەکان کەڵکی زۆری لێ دەگرن. لە باسکردنی وێنەکانیش ئەم لایەنە خۆی ئاشکرا دەکات، لە شیعری پەنجەرە وێژەر تەنیا یەک وێنە "لاوازکەرە ئا پەنجەرەی" بەرەو ڕوومان دەکاتەوە. لێرەدا بە پەنابردن بۆ باخێکی بەهاری بە شوێن ڕەگەکانی بووندا دەگەڕێ.

لەم شیعرە و شیعرەکانی تریش سروشت هەموو کاتێ بە پێوەندی لەگەڵ مرۆڤدا




گرینگی دەگرێ. لە بەندەکانی تردا جار هەیە چەند وێنە لە پاڵی یەک دێن، بەڵام هێندە زوو دێت و دەڕوا کە وانەر "هایکوکانی" خۆرهەڵاتی دووری وەبیردێنەوە. ئۆسووڵەن شهوودێک لەم دەقەدا گیان دەلاوێنێتەوە لە یەک چرکە و لە یەک گۆشەنیگای تایبەتەوە دێتە رسکان. بەگشتی شاعیر تاقەتی کێشانی بەش بەبەشی دیاردەکانی نییە و تەنیا بێژەری هەمەکییەکانە".

شێعرەکانی ئەم کۆمەڵە خاوەن خاڵێکی پر ناوەڕۆکن: «کەمترین واژە و زۆرترین زەربەت و فرکانس». بۆ وێنە ئەگەر بە شاعیر بڵێین "رێ کردنی گلمتکیک" بە زمانی شیعر بکێشێت؛ تەنیا هێڵی گشتی و بنیاتی کارەکە رەسم دەکا و ئەم وتەیەی "هنری جیمز" لە باری ئەدەبیاتی مینی ماڵیستییەوە دەڵێ دەقاودەق لەم دەفتەرە شیعرییەدا ئاشکرایە «تێ کۆشن شتەکان وەسف نەکەن بەڵکو نیشانیان بدەن» بەم هۆیەوە دەبینین کە شاعیر بە وردەکارییەکان و بارستاکانەوە خۆی خەریک ناکا و بە شوێنی پەڕ و باڵ پێدانەوە نییە. وێنەکان لە سروشتدا بۆ خۆیان دالێکی پر مەدلوولن گرینگ ئەوەیە ئێمە تا چ رادەیەک بۆ وتنێکی جوان و سازکردنی ژیانێکی پر هەست کەڵکیان لێ وەربگرین. بەم پێیەوە دەبینین کە وەکو ئەدەبی مینی ماڵیستی رەنگەکان و تەشکەکان سادەن. لە رووی ئەم شیعرانەوە نیگاری کیژێکی دێهاتیی پرچ رەشی هەوار، کە جلوبەرگی خۆمانەی ئاڵواڵای لەبەرە و لەبەر شەرمنی چاوەکانی بە دەست داپۆشیون و لێویشی بە پێکەنینێکی شەرمنانە ، بکێشین. شیعر لێرەدا بە ساکاری ژیانی دێهاتە و ئەم خاڵە کە کەسانی تر بە خاڵی لاوازی شیعری ئەوی دادەنێن لە گۆشەنیگای ئەم نووسەرەوە خاڵی هەرە سەرکەوتووی شیعرەکانین. هەروەک لۆکارنۆ دەڵێ: «شیعر رەوایەتی ژیانە لە جلوبەرگی هەستدا...»

رەمزی کۆن "ئارکی تایپەکان" وئوستوورەکان کە لە شیعرەکاندا هاتووە بەم شێوازەیە: زۆرینەی ئاڵوگۆڕەکان کە لە هێزی شکۆمەندی ئوستوورەیی زەوینی و گەردوونیی ئێرانی و بەتایبەت کوردیدا هەن لەم شیعرانەدا بوونێکی مینی ماڵیستییان هەیە. زمانی ئەو زمانێکە بۆ لای زمانی پڕ پێچی ئوستووورە دەکشێ. راز و رەمزی کۆن کە خورپەی پڕ وەسواسی هزر و زەینی شاعیرن ، لە کون و قوژبنی ئەم کتێبەدا ئامادەبوونێکی بەرچاویان هەیە.

کاتێ باسی رەمز دەکا توند و کورت و زەربەوەشان لێی رەت دەبێ و بەم پێیە وانەر دەبێ




پێش خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شیعرە زانیاریی لە سەر کولتوور و ئەدەبی خۆماڵی و فۆلکلۆری کۆنی ئەو ناوچەیە هەبێت، چونکە بەبێ ئەم زانیارییە، ناتوانێ بە ساکاری لە مانای شیعرەکان بکات. لە بەکارهێنانی ژمارەکانی کولتووری کوردی «بەتایبەت ژمارەی ٧ و٤٠ و ٩٩ و...» و ڕەنگەکان لەگەڵ گرفت ڕووبەڕوو دەبین، ڕەنگی (بەنەوش) کە زۆرتر لە ڕەنگەکانی تر «لانیکەم ٦ جار» بە کار هاتووە هێمای پێوەندیی ئەساتیریی نێوان توخمەکانە، ڕەنگی زەردیش لە لاپەڕەی ٧٧.

ژمارەی ئەو دەستەواژانە کە بۆ سازکردنی ڕستە و بڕگە هاتوون کەمن. لە کەمتر شوێنێکدا جگە لە شیعری «وێتانە» دەبینین کە بڕگەیەک ببێ کە ژمارەی ئەو وشانەی کە بۆی دانراوە لە ژمارەی قامکی دەس تێ پەڕن.

ئەم تەشک و پێکهاتە کە تایبەتمەندیی شێوازی شاعیرن لەلای مینی ماڵیستەکانەوە جێگەیەکی تایبەتیان هەیە، لەم کەڵکوەرگرتنەدا لە شوێنکەوتە شرۆڤانی و شیکارییەکان ئاسەوارێک بەدی ناکرێ. یەک لەو خاڵانەی کە وانەر لە کاتی خوێندنەوەدا بەزوویی تێ دەگا بوونی "حرفیات": "نقش نمای ندای" لا براوە "متم و حرف اضافە" جگە لە «جە»با زۆریش بن، بەڵام بە پێی بارستای کتێبەکە چاوگر نین. ڕستە و بەندگەلی گلەیی و نارەزایی با زۆربن بەڵام بەم جۆرەش خاوەن سەرتەڵایەتی نین، شاعیر تێ دەکۆشێ تا ئەو شتانەی کە نەبوونیان زەرەر ناگەیەنێ لە لاشە و دەقی شیعرەکاندا نەمێنن. بەم هۆیەوە شیعرەکان بڕگە بڕگەن.

جار هەیە کە شاعیر نیوەی ڕستەکە فڕێ دەدات و بەهاتنی نیشانەی پرسیار، سەرسڕمان، یا بۆشایییەک، ئێمە بەرەو شوێنگریی شیعر و ڕاڤەی تاکەکەسی زەین دەبا. جاری واش هەیە پێڕستەکان قورسن، بەڵام شاعیر لە ناسینیاندا یارمەتیمان نادات؟ لە بەندی "ئەولاتەریچ هەر بە هەشتا" زەین بەرەو گەڕان دەبا کە ئەولاتر کۆیە؟ ئەم بەرهەمەی "پۆست مودێرنیتەی ئاوییە" لە لایەنی تریشەوە شایانی سەرنجە. وەک: نەهێنانی دەلیل و شێوازە داسەپێنەر و نەریتییەکان و "ئوسلووبی موعادێلە" کە فۆرمی مینی ماڵ تێک دەشکێنێ لەم دەقەدا وە دیار نییە. لەم تیرولۆجییە لیریکایییەدا شاعیر بەبنەڕەتی "کەمتر و چاکتری" ڕۆبرت برۆئینگ نزیک بووەتەوە. موسیقای شیعرەکان بەپێچەوانەی وشە و ڕستەوە زۆرن و بەگشتی هەستاوەن "خیزان". نیشانەی وێنەی بەو جۆرەی کە شایانی




شیعرە، زۆر نین. بۆ وێنە لە شیعری لاپەڕەی ٥ دا ئێمە تەنیا ١٠ وێنە ئەوینین. لە لاپەڕەی ٩ دا ئەم ژمارە نیوە دەبێتەوە و هەر بەم جۆرە. ئەم بوون و نەبوونەی وێنەگەلە چۆنایەتییەک پێک دێنێ کە لە پڕ بە سەر وانەردا دەدات. یەکەمین پەرچەکردارێک کە دەینوێنین زۆرتر لە هەر شتێک بزاوتی عاتیفە بەرەو لای بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی شتێک لەولای نووسێنی یەکەمی دەقەکەوە، بەو بۆنەیەوە مینی ماڵیستەکان لەو بڕوایەدان کە ژمارە و زۆربوونی وێنە هێز و توانای دەرک لە مرۆڤ دەگرێ.

بەم پێیە مینی مالیستەکان لە نەقاشیدا نیشانە وێنەییەکان دەگەیەننە کەمترین ڕێژە، ئەوان بە گوڵ و بولبول و ڕازاندنەوە "تزهیب واسلیمی" ناڕازێننەوە بەڵکو هونەری کەمترین دەخەنە پێش چاو. لە وێنەکێشانی شیعریدا زۆرتر بە وێنەی "هاوتەریب" گرینگی دەدرێ. تا وێنەکێشانی ئەستوونی. بۆ وێنە لە شیعری لاپەڕەی ٤٥ دا شاعیر ٩ وێنەی لە ٣ لاپەڕەدا هێناوە ئەم وێنانە وەکو چیرۆک بەتەواوی سادەیی فۆرمەوە و نەبوونی ناوەڕۆکی ئێکسپرسیونیستی بە شوێن یەکدا دێن وهاوتەریب لە بزاڤدان. وانەر بەخوێندنەوەیان زیاتر لەوەی کە تێ بگات، وەڕێ دەکەوێ. ئەم ڕێگەگرتن و چوونە زیاتر لە چەند خولەک ناخایەنێ بە چکۆلەترین نیشانەی وێنەیی زۆرترین مانا دێت. بە جۆرێک کە دوای خوێندنەوە پێویست ناکا تا مەبەستی شاعیر دەربڕین وەکو بیچمێکی بێ ڕاڤە! لە نێوانی ئەم ٩ وێنەیەدا ئێمە تەنیا لەگەڵ کردارێکی وەرازێنی و وێنەیەکی نەخوازە ڕووبەڕوو دەبین. سەرتەڵی جۆرێک ئاوەڵکاری تایبەت لە شیعرەکاندا بە پێچەوانەی زۆری، زیانێک بەشیعر ناگەیەنێ. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین جگە لەم شاعیرە، زۆر کەم لە شاعیرانی هاوچەرخی ئەدەبی کوردی توانیبێتیان لەم خاڵە کەڵک وەربگرن «چنگێ، باقێ، قەتارێ، دەسێ، موچێ، ...» کە بە گشتی کۆمەڵێکی کەمی یەک تا پێنجی دەبێت و تەنیا بۆ خاتری خۆدزینەوە لە ئارایشی نابەجێیە. پرسیار و وەڵامێک کە زۆر دیالۆگ ئاسا و شانۆیی لە شیعرەکاندا هەیە لە ڕەگ و پێی مینی ماڵیستەکانەوە، وەکو شیعری لاپەڕەی ١٧ کە شاعیر بە ٩ وشە، ٩ پرسیار و ٩ وەڵام، لە لای یەکەوە دادەنێ.

وانەر لەم ژانێرەدا بە بەندگەلێک دەگات کە بەدەوری هێڵێکی یەک خوازەدا دەخولێتەوە: بەکارهێنانی خوازەی کۆنی نێرگز بەجێی چاو لەوانەیە.